نامەی 2

(( تێبینی: ئەمە بۆ دووەم-جارە ئەم نامەیە دەنێرم لەگەڵ چەندین جار ئاگادارکردنەوە.
بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەری بێت، ئەگەر سایتێک، بلاوکراوەیەک بە هەڵە تەنها جارێک ناوی نووسەر بە هەڵە بنووسێت، ئەوا جاری داهاتوو لە بلاوکراوەکەیەوە داوای لێبووردن دەکات، بەلام دیارە ئەم داوای لێبووردن کردنە بۆ کاک عومەر فارسی کوردستاننێت کارێکی سەختە یاخود ڕێگای بەردەوامی پێ باشترە )).

2004.11.30

نامەی 1

کاک ئومەر!

ڕێز و سڵاوی زۆرم هەیە و هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم.

تێبینییەک:

من ناوم سیروان کاروانی-یە، نەک کاوانی. کاوانی دێیەکە لە خوارووی کوردستان.

ئەم بە هەڵە نووسینە بووە بە هۆی ئەوەی زۆر لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی بابەتەکانی من لە سایتەکەی تۆوە دەبەن و بڵاوی دەکەنەوە، ناوەکەم بە هەڵە بنووسن و لێرەشدا من بوومە بە دوو کەس.

تکایە سەرنجی وردتر لەم بارەیەوە بدە، یاخود باشتر وایە ڕوونکردنەوەیەک بدەیت.

دووبارە سڵاو

سیروان